www.kurdistannet.org
26-2-2007 17:14 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەگەر سەرۆ قادر واشی گوتبی، مەبەستی ڤایرۆسی وەفاییە! نەک بێریزی!!. . . ئیسماعیل گوندەژۆری

لەو باوەرە دانیم سەرۆقادر نا رێزی بە مندالێکیش بکات، نەخاسمە بە تەبەقەی خۆی یا گەورەتر، چونکە سەرۆ قادر لە خانەوادەیەکی رۆشنبیرو بەرێزن، هەمیشە بەرژەوەندی تاکی وەلا ناوە بۆ بەرژەوەندی گشتی کاری کردوە، بەحوکمی هاوئاشنای من بە نوسینەکانی سەرۆ بەتایبەت لە گۆڤاری گولاندا بەراستی موعجیبی بیرو رایەکانی بووم، هەرچەندە ئاشنایەکی دانیشتنم لە نزیکەوە لەگەلی نەبووە و ناشم ناسی بەلام تا حەدێك شارەزایم بە رەوشت و هەلوێست پاکی هەیە، کەسایەتی سەرۆ زۆر لەوە بەرزترە ئەمرۆ بەپێی ئەو هەوالانەی رۆژنامە و سایتەکان رۆشنبیران فری و دەدەن بە شۆرشێك بەرامبەر ئەو کەسایەتیە رۆشنبیرە، گوایە سەرۆ بێرێزی بە تاکی کوردی کردوە؟!. ناچێتە قەناعەتم. چونکە فەرهەنگ و ئایدۆلۆژیای پەیڤەکانی سەرۆ پێویستی بەزیاتر تێگەیشتنە، چ دەبی ئەگەر سەرۆ نمونەی وەفای مرۆڤی وەك وەفای گیان لەبەرێك باس بکات، بۆچونێکی هیتلەر کە خۆی دەلێت ڤایرۆسی وەفای تەنها لە سەگ دایە پێویستە لە مرۆڤدا نەبێت، ئەمەش ووتەیەکی نا مرۆڤانەیە چونکە وەفای بۆ مرۆڤ پێویستە بەتایبەتی بۆ کورد لەبەرامبەر شۆرشە یەك لەدوای یەکەکان و کەسانی شۆرشگێر، مەبەستی من ئەوە نیە مرۆڤ وەك گیان لەبەرێك بێت، زیاتر مەبەستم وەفاییە ئەمەش لە ئاژەلەکاندا تەنها لەسەگ دا هەیە بە رێژەی زۆر، جا بۆیە بۆچونەکانم لەسەر سەرۆ قادر وەك هەمیشەی خۆی هەرگیز حەق بەخۆ نادات بێرێزی و نا ئینسانی بە هیچ تاکێکی کورد بکات، پێتان وانەبی کوردستان کەسێکی تێدا نەبی زۆر لەسەگ کەمتر نەبی، کەسانی واهەن بۆ پەنابادێك یا قرانێك بەردەوام خوێنی میللەت دەمژن و بەردەوامیش پیلانی بی شەرەفی دەگێرن وەك چۆن سیخوری بۆ دوژمنی خۆی دەکات و مال و حالی خۆشی لەبەر چاو نیە بۆ دانە خیانەتێك، پێویستە بانگ هێشت بۆ رۆشنبیران و نوسەران بکرێت، ئەو کەسانە روو رەش بکرێن و ئابرویان بچێت، چونکە تا ئەوانە لەناو کوردستاندا بژین هەر ڤایرۆس دەبن بۆ رمانی حکومەتی کوردی و سەربەخۆی ئێستا کە هەیە، نەوەك نوسەرو ئەندازیارێکی رۆشنبیری وەك سەرۆ ئینقیلابی لەسەر بکرێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.